# نامەیەک لە کوردێکی هۆڵەنداوە ..

**بۆ کوردانی دەرەوەوناوەوەی وڵات ...**
**بۆ ئازادیخوازانی جیهان ....**

ماوەیەکی زۆرە رژێمی کۆماری ئیسلامیی !! ئێران ، دەستی کردووە بە هەڵمەتێکی بەربڵاوی سەرکوتکردنی کوردەکانی ئێران و بە گرتن و ئەشکەنجەدانیان دەیەوێت ئیرادەی ئازادیخوازییان تێدا کپ بکاتەوە .

هەموو لایەکتان دەزانن کە بڵاوکردنەوەی ماددەی بێهۆشکەر و ئیجازەدان یان خۆ گێلکردن لە قاچاغچێتی ، تەنها مەرامێک کە لە پشتییەوەبێت ، ناشێرینکردن و سڕینەوەی ئاسەواری رەسەنایەتییە لە رووی گەلی کوردی ئازادیخوازدا .بۆیەش دەمەوێت لە نیازە گڵاوەکانی دەوڵەتی ئێران ئاگادارتان بکەمەوە .

هەروەها ماوەیەکیشە لە چوارچێوەی ئەو هەڵمەتە رەشبگیرییەدا ، خانمە نووسەری چالاکی کورد ( شەمزین چیهانی ) گیراوە و نامرۆڤانە حوکمی زیندانیکردنی بۆ دەرچووە ، جا سەرەرای ئەوەی لەلایەن رۆشنبیرانی کوردەوە نامەی نارەزایەتیی زۆر ناردراون بۆ دەزگا نێودەوڵەتییەکان ، بەڵام بەداخەوە هێشتاش خاتوو شەمزینی فێمێنیست و داکۆکیکار لە مافی خەڵکی بەشخوراوی کورد لەگەڵ خانەوادەکەیدا لە سەختترین باری گوزەراندان .

من لێرەوە .. ڕوو دەکەمە هەموو دەزگا نێودەوڵەتییەکان ، ئەوانەی پەیوەنددارن بە مەسەلەی مافی مرۆڤەوە ، کە هەوڵ بدەن سنوورێک بۆ ئەو پێشێلکارییەی رژێمی ئێران دابنێن و چیتر نەهێڵن پیلانی گڵاوی گومڕاکردنی میللەتێک لە ئێراندا سەربگرێت .

هەروەها داخوازیشم لە نووسەران و تەواوی ئەو کەسانەی ئەم نووسراوەیە دەبینن ئەوەیە کە هەرکەس لەلای خۆیەوە هەوڵ بدات بۆ پەیوەندیکردن بە دنیاوەولەو رێگەیەوە پەیامی سێزدە ملیۆن ئینسانی کورد لە ئێران بگەیەنێت بە هەمووان : ئێمە میللەتێکین خەریکن نابودمان دەکەن ، فریا کەون ....

**چاوەروانی هەوڵی دڵسۆزانین ...**

**مەسیح کیا**
**کوردێکی دانیشتووی هۆڵەند**
**2005/2/3**